# حەبی منداڵنەبوون دەتوانێت تووشی جەڵتەی دڵت بکات

ساڵانێکی زۆرە لە هەموو دنیادا ناوبەناو توێژینەوە لەمەڕ کاریگەر و زیانەکانی حەبی منداڵنەبوون دەکرێت . لە سوێد رۆژانە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە بەردەوام ئەم جۆرە حەبانە بە مەبەستی نەمانی خولی مانگانە دەخۆن لە زۆربووندایە لەبەرئەوەی سووکناییەکی دەروونییان بۆ خۆیان دابینکردووە کە ناهێڵن بێنوێژ بن هاوکات لە سکپڕ نەبوونیش دڵنیابوونەتەوە .

ئەنجامی توێژینەوەیەك کە لە گۆڤاری پزیشکی Journal of Clinical Endocrinology and Metabolism بلاوکراوەتەوە،پسپۆرانی ئەم بوارە ژنان ئاگادار دەکەنەوە کە بەکارهێنانی ئەو حەبانە دەتوانن ئافرەتان تووشی جەڵتەی دڵ بکەن .

توێژینەوەکە ئاماژەدەکات کە بە گشتی ژنان زێدەتر مەترسی تووشبوون بە جەڵتەی دڵیان لێدەکرێت گەر بێت و ژەمێکی کەمیش لەو حەبانە بخۆن . توێژیاران چاوێکیان بەو هەموو توێژینەوانەدا خشاندۆتەوە کە لە نێوان ساڵانی 1980–2002 دا ئەنجامدراوە لە کۆتایدا گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

ئەو ژنانەی کە ژەمێکی کەمیش لەم حەبانە دەخۆن دووجاران زێدەتر مەترسییان لێدەکرێت تووشی جەڵتەی دڵ و جەڵتەی مێشك بن وەك لەوانەی کە حەبەکان ناخۆن .

مەترسی تووشبون ئەوەندەشە بۆ ئەو کەسانەی کە چەند ساڵێك حەبەکەیان خواردووە.

سەرچاوە

1. Vanliga p-piller kan ge dig hjärtattack, Expressen. Fredag 8 juli 2005. ©